له بڵاو کراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

# حەقیقەتی

# جەژنی ڤالنتاین

## ( ڕۆژی خۆشەویستی ! )

ئامادەکردنی

هاوار عبدالله

---

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

**إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا من يهده الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له و أشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له ، وأشهد أن محمداً عبده ورسوله**

... **أما بعد** : لەم چەند ساڵەی دوایی لە نێو لاوانی كوردی موسڵمان نەخۆشییەكی زۆر ترسناك بڵاو بووەتەوە ئەتوانم بڵێم لە ( **ئایدز** ) ترسناكترە ، چونكە ڕێگا خۆشكەرە بۆ بڵاوبوونەوەی ئایدز و خراپتریش ، ئەویش نەخۆشی بەشداری كردنە لە جەژنەكانی گاور و خاچ پەرەستان كە هەمووی زیندوو كردنەوەیە بۆ داب و نەریتەكانی داوێن پیسیی و فەوتان و فەسادی ئەخلاقی ، بۆیە دەبینین لە جەژنی ڕەمەزان و قوربان تا نیوەڕۆ ئەخەون كەچی لە جەژنی ( **ڤالنتاین** ) هەر لەبەرە بەیانەوە بەخەبەرن و تا نیوەشەو نامە ئە گۆڕنەوە و ئاهەنگ ئەگێڕن و پیرۆزبای لە یەكتر ئەكەن ئەمەش لە كەش و هەوایەكی پڕ لە تاوان و شەهەوەت بازی و داوێن پیسی و كەوتنە شوێن شەهەوەت . بۆیە زۆر بەئاسانی دوژمنانی خوا بە ناوی خۆشەویستی مێشك و دڵی لاوەكانمانیان داگیر كردووە تا ئەو ڕادەیەی خەریكە بنەوای ئاینەكەی خۆیان لە یاد ئەچێ كە لەسەر بنەمای

خۆشەویستی بنیات نراوە ، تا وای لێهاتووە لە ( ١٤ / ٢ ) ی هەموو ساڵێك بەبێ ئەوەی هیچ شتێك سەبارەت بە حەقیقەتی قێزەوەنی ئەم ڕۆژە بزانن جەژن ئەگێڕن و خۆشحاڵی دەرئەبڕن ، بۆیە موسڵمانی بەڕێز بەر لەوەی ( **ڤالنتاین** ) بەجەژن بزانیت ، و بەشداری بکەیت ، ئەم نوسراوە بخوێنەوە بۆ ئەوەی حەقیقەتی ڕۆژی ڤالنتاین بزانیت ، پاشان خۆت بەرپرسی لەو بڕیارەی ئەیدەیت ! ! !

## حەقیقەتی ڕۆژی ( ڤالنتاین )

(**ڤالنتاین**) یان وەك ناویان لێناوە ( ڕۆژی خۆشەویستی جیهانی ! ) یەكێكە لە جەژنەكانی ڕۆمانە بت پەرستەكان كە نزیكەی پێش (١٧) سەدە باو بووە لایان ، كە بریتی یە لە گوزارشت كردن لە خۆشەویستی یەكی بت پەرستی كۆن ، وە سەبارەت بەم ڕۆژە چەندین ئەفسانە گێڕدراوەتەوە كەلای ڕۆمانەكان بەردەوام بووە تا دوای گەشتووەتە خاچ پەرەستان ، لەوانەش :

**یەكەم :** ڕۆمانەكان پێیان وابو كەوا ( **روملیوس** ) دامەزرێنەری ( ڕۆما ) بە مناڵی گورگێك شیری پێداوە ، لەگەڵ ئەم شیر پێدانە هێز و بیركردنەوە و ڕا جوانی پێ بەخشیوە . بۆیە ڕۆمانەكان لە ناوەڕاستی هەموو مانگی ( **فبرایر** ) ێك لە هەموو ساڵێك جەژنیان دەگێڕا .

لەو داب و نەریتانەی هەیان بو لەو ڕۆژەدا یان مەراسیمی ئەو ڕۆژە بریتی بوو لە سەربڕینی (سەگ و بزنێك) پاشان دوو لاوی بەهێز و چوار شانە جەستەی خۆیان دەگرت لە خوێنی ئەو سەگ و بزنە سەر بڕاوە ، پاشان خوێنەکەی جەستەیان بە شیر دەشۆرد ، پاشان کۆمەڵێك زۆر لە خەڵکی لە ڕێ و ڕەسمێکی گەورە بەڕێ ئەکەوتن و ئەم دوو لاوە پێشی هەموویان دەکەوتن و بە رێگە و بانەکاندا گوزەریان دەکرد ، ئەم دوو لاوە هەریەکەو پارچە پێستەیەکی بەدەستەوە ئەبوو دەیان سوی بەوەی کە پێی دەگەشتن ، ئافرەتە ڕۆمانەکانیش وەکو پێشوازیەك خۆیان بەر ئەو سوینە دەخست ، چونکە باوەڕیان وابوو ئەم کارە چارەسەری نەزۆکی یە ، ئەمەش هاوەڵ بڕیاردانە بۆ خوا چونکە چارەسەری هەموو گرفت و نەزۆکیەك تەنها لای خوای پەروەردگارە . هەروەرك پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿يَهَبُ لِمَنْ يَشَاءُ إِنَاثاً وَيَهَبُ لِمَن يَشَاءُ الذُّكُورَ * أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَاناً وَإِنَاثاً وَيَجْعَلُ مَن يَشَاءُ عَقِيماً﴾ ( الشورى : ٤٩ ـ ٥٠ ) واتە : بەهەرکەسێك کە خۆی ویستی لەسەر بێت تەنها مێینە (کچ) ئەبەخشێت وە بە هەرکەسێکیش کە خۆی ویستی لەسەر بێ تەنها نێرینە ( کوڕی ) پێ ئەبەخشێ یان ئەگەر بیەوێ کچ و

کوڕیـان پێکـەوە ئـەداتیٚ وە ویسـتی لەسـەر بێـت هەرکەسـێك نـەزۆك بێـت نەزۆکی ئەکات .

**دووەم :** ڕۆمانـە کۆنـەکان لەسـەردەمی بـت پەرسـتیدا خۆشـحاڵیان دەر ئەبری بۆ جەژنێك کـە پێـی دەوتـرا جـەژنی ( **لوبرکیلیا** ) وە لـەم جەژنـەدا قوربانیان سەر ئەبڕی بۆ (خواکانیان) کە بریتی بـون لـە چـەند (بتێـك ) ، وە پێیان وابوو ئەم ( **بتانە** ) لە خراپە و شەڕ ئەیانپارێزیٚ ، کە ئەمەش بەهەمان شێوە هاوەڵیٚ بڕیاردانە بۆ پەروەرگار چونکە پەروەردگار ئەفەرمویٚ : ﴿ وَإِنْ يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ وَإِنْ يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَادَّ لِفَضْلِهِ يُصِيبُ بِهِ مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَهُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ ﴾ ( یونس : ١٠٧ ) واتە : ئەگەر خوای پەروەردگار بیەویٚ زیانێکت توش بیٚ ئەوا کەس ناتوانیٚ ڕێگری بکا لە توش بوونـت جگـە لـەخۆی وە ئەگـەر ویسـتی لەسـەر بـیٚ چاکەیەکت توش بیٚ ئەوا کەس ناتوانیٚ ڕێگری بکا لەوەی خوا بۆتی ئەنێریٚ

**سیٚ یەم** : لە سەردەمی فەرمان ڕەوایی ئیمپراتۆری ڕۆمانی (**کلودیوسی دووەم** ) لە سەدەی سیٚ یەمی زاینی خاچ پەرەستی گەیشە ڕۆمانەکان .

ئەم ئیمپراتۆرە ژن هێنانی لە لاوەکان قەدەغە کرد بە بیانوی ئەوەی ژن هێنان سەر قاڵیان ئەکات لەو شەڕانەی کە دەیکات وە بە بیانووی ئەوەی لاوەکان ئارام گرتنیان زۆر ترە لە خێزان دارەکان. بەڵام ( **قەشە ڤالنتاین** ) بەرگری لەم بڕیارەی ئیمپراتۆر کرد و گرێبەندی ژن ومێردایەتی ( عقد الزواج ) ی سەربازەکانی بەدزیەوە لە کەنیسەکەیدا دەکرد ، پاش ئەوەی ئیمپراتۆر بەم کارەی زانی داوای لێکرد ( **ڤالنتاین** ) واز لە خاچ پەرەستی بهێنێ و خواکانی ڕۆمان بپەرەستێ بەڵام ( **ڤالنتاین** ) ئەم داوایەی ڕەت کردەوە ، بۆیە لە ڕۆژی ( ١٤ **فبرایر** ) ی ساڵی ( ٢٧٠ م ) شەوی جەژنی ( **لوبركيليا** ) لە سێدارە درا ، لەو ڕۆژەوە نازناوی ( **قدیس : قەشە** ) یان پێوە نا ، بۆیە خاچ پەرستان لە جەژنی ( **لوبركيليا** ) بە هۆی ڕۆژی لە سێدارە دانی ( **ڤالنتاین** ) جەژنیان دەگێڕا ، دواتر جەژنەکە ناونرا (**ڤالنتاین** ) وە کردیانە ڕۆژێك بۆ زیندوو ڕاگرتنی یادی ( **ڤالنتاین** ) کە لە پێناو مانەوە لە سەر ئاینی خاچ پەرەستان لە سێدارە دراوە . خوای پەروەردگاریش ئەفەرموێ : ﴿وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلامِ دِيناً فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ (سورة آل عمران: ٨٥) . واتە : هەر کەسێك

جگە لەدینی ئیسلام شوێنی دینێکی تر بکەوێت ، ئەوە لێی وەرناگیرێت ، و لە ڕۆژی دواییدا لە زەرەرمەندان دەبێت

ڤالنتاینیش لە پێناو مانەوە لە سەر ئاینی خاچ پەرەستان لە سێدارە دراوە کە عیسای مەسیح بەخوا ئەزانن ( خوا پەنامان بدات)

**چوارەم :** ئەم ئەفسانەیە ئەڵی پاش ئەوەی ( **ڤالنتاین** ) خرایە بەندیخانە لە زینداندا چارەسەری کچی پاسەوانی بەندیخانەکەی کردووە و لە کوێری ڕزگاری کردووە ، پاشان عاشقی کچەکە بووە و لە ڕۆژی لە سێدارە دانی نامەیەکی بۆ خۆشەویستەکەی ناردووە لە کۆتای نامەکەی دا نوسیویەتی ( **المخلص فالنتاین** ) بۆیە ڕۆژی لە سێدارەدانی کرایە ڕۆژی خۆشەویستی بەبیانوی ئەوەی لە پێناوی خۆشەویستی لە سێدارە دراوە . ئەمە لەکاتێکدا تەنانەت لە ئاینەکەی خۆیشیان عشق و خۆشەویستی بۆ قەشەکان قەدەغەیە بەڵکو ئەبێ تواناکانیان لەخزمەتی کەنیسەدا بەکار بهێنن ، کەچی ڤالنتاین تەنانەت سەرپیچی لە بنەمای ئاینەکەی خۆیشی کردوە .

**پێنجەم :** ئەڵێ پاش ئەوەی پرسیار لە ( **ڤالنتاین** ) ئەکەن سەبارەت بە خوای ڕۆمانییەکان ( **عطارد** ) ی خوای بازرگانی و ڕەوانبێژی و فێڵ و

دزی و ( **جوبیتر** ) كە گەورەی خواكانی ڕۆمانیەكانە ، لە وەڵامدا ( **ڤالنتاین** ) ووتوویەتی : ئەم خوایانە درووست كراوی مرۆڤن بەڵكو خوای حەق ( **عیسای مەسیحە** ) ـ خوای پەروەردگار پەنامان بدات ـ لە سەر ئەم وەڵامەی لە سێدارە دراوە . ئەمەش هاوەڵ بڕیاردانێكی ئاشكرایە.

وەڵامەكەی عیسای مەسیحیش ـ علیه السلام ـ بەهێز ترین بەڵگەیە بۆ بە درۆخستنەوەی هاوەڵ بڕیاردەران و خاچ پەرستان هەروەك خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ وَإِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنْتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَهَيْنِ مِنْ دُونِ اللَّهِ قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ إِنْ كُنْتُ قُلْتُهُ فَقَدْ عَلِمْتَهُ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلا أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ إِنَّكَ أَنْتَ عَلَّامُ الْغُيُوبِ * مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلاَّ مَا أَمَرْتَنِي بِهِ أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ ﴾ ( المائدة : ١١٦ـ ١١٧ )

ناوەڕۆكی ئایەتەكەش ڕوون و ئاشكرایە كە خوای باڵادەست لە ڕۆژی قیامەت دا بە عیسای كوڕی مەریەم ئەڵێ : تۆ بەو خەڵكەت گوت كە لە جیاتی خوای تاك و تەنها خۆت و دایكت بكەنە دوو خوا ؟! عیساش دەڵێ : خوایە من هەمیشە تۆ بە بەرز و بڵند ڕائەگرم و هەرگیزیش بۆ من ناشێ

شتێکی ناڕاست و نا شیاوی وا بەرامبەر تۆ بڵێم ئەگەر ئەو قسەیەم کردبێ بێ شك خۆت دەزانی و هەرچی لە ناخی من دایە تۆ ئەیزانیت چونکە بەڕاستی تەنها هەر خۆتی بە هەموو نادیارەکان و پەنهانیەکان زانای چیت فەرمان پێ کردوم منیش هەر ئەوەم پێ گوتون ، پێم وتون : کە تەنها هەر (اللہ) بپەرستن کە پەروەدگاری من و ئێوەیشە .

**شەشەم** : لە ڕۆژی ( ١٤ / ٢ ) ی هەموو ساڵێك ڕۆمانی یە کۆنەکانی دانیشتوی دێهاتەکان ناوی کچانی دێهاتەکەیان دەنوسی و دەیانخستە نێو سەبەتەیەك ، پاشان وەك تیرو پشك هەر کوڕێك دەستی دەبرد و پارچە کاغەزێکی لە سەبەتەکە دەردەهێنا ناوی هەر کچێکی لە سەر بوایە دەبوە خۆشەویستی تا ساڵی داهاتوو لە گەڵیا ئەبوو ، بۆ ئەم مەبەستەش کارتێکی بچوکی بەدیاری بۆی ئەنارد کە لە سەری دەنوسرا ( **بسم إله الأم أرسل لك هذه البطاقة** ) واتە : بەناوی خوای دایکەوە ئەم کارتەت بۆ دەنێرم .

**حەوتەم**: پاش ئەوەی خاچ پەرستی لە ئەورروپا بڵاو بوەوە هەندێ لە قەشەکان بینیان هێشتا لە کۆمەڵێك لە دێهاتەکانی ئەورروپادا داب و نەریتەکانی ڕۆمانیە بت پەرستەکان لە نێو لاوەکانیان هێشا هەر باوە ، کە بریتی بوو لە نوسینی ناوی کچەکان لە سەر کاغەزی بچوك و پاشان وەك تیر

و پشك ناوی هەر كچێك بۆ هەر كوڕێك دەربچوایە ئەوە دەبووە خۆشەویسی تا ساڵی داهاتوو ، دیسانەوە دوبارە ئەكرایەوە ، وە گۆڕینی ئەم داب و نەریتە ئاسان نەبو بە لایانەوە بۆیە بڕیاریان دا ڕستەی ( **بسم إله الأم** ) بگۆڕن بۆ ناوی ( **قەشە ڤالنتاین** ) ، چونكە هێمای خاچ پەرستی یە و بەهۆیەوە زیاتر لاوان پەیوەست دەكەن بە خاچ پەرستیەوە . دواتر ناویان لێنا جەژنی ( **ڤالنتاین** ) .

**تێبینی** : ( **قەشە ڤالنتاین** ) ناوێكە پەیوەست بووە بە كەسێك لە قوربانیەكانی **كۆنی** كەنیسەی خاچ پەرستان . وتراویشە دوو كەس بوونە . ئەم كەسە ( **ڤالنتاین** ) لە ژێر كاریگەری ئەشكەنجەی سەركردەی ( **قوطي : كلوديوس** ) لە ڕۆما مردووە ، ئەمەش نزیكەی ساڵی (٢٩٦)ی زاینی وە لەو شوێنەی مردووە لە ساڵی ( ٣٥٠ ) لە ڕۆما كەنیسەیەك بنیات نراوە بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ( **ڤالنتاین** ) .

بەم شێوەیە ئەم ڕۆژە كرایە جەژن و لەگەڵ بەسەر چونی كات ئەم جەژنە لە چەمكێكی بت پەرەستیەوە گۆڕا بۆ چەمكێكی خۆشەویستی ئەفسانەیی ، كە گوزارشت لە خوشەویستی یەكی دروست كراو ئەكات لەم

کارەش ( **قەشە ڤالنتاین**) کراوە بە نمونەی باڵای خۆشەویستی و خۆبەخت کردن ، هەروەها کراوە بەهێمای بانگەشە کردن بۆ خۆشەویستی و ئاشتی .

هەروەها ئەم جەژنە ناسراوە بە( **جەژنی خۆشەویستی** ) و ( **جەژنی ڤالنتاین** ) و ... هتد ، چونکە پێیان وایە کە ( **ڤالنتاین**) شەفاعەت دەری خۆشەویستیانە !!! بێ ئاگا لەوەی کە لەقیامەتدا ڤالنتاین پێشەوایانە بەرەو ئاگری دۆزەخ .

ئەمە سەبارەت بە حەقیقەتی ئەو ڕۆژەی کە ناوی لێنراوە جەژن و زۆربەی خەڵك و موسڵمانان بە جەژنی ئەزانن !!!! کە هیچ بنەوایەکی نیە ، بنەوایشی هەبێت لە ئەفسانە زیاتر هیچی تر نیە ، وە ئەگەر ڕاستیش بێت ، ئەوا :

**یەکەم** : پەیوەستە بە خواکانی ڕۆمانیە کۆنەکان کە بریتی بوون لە چەند بتێك .

**دووەم** : دواتر بووە بە جەژنی خاچ پەرستان و پەیوەست بووە بەخاچ پەرستانەوە .

لەهەردوو حاڵەتەکە موسڵمانان بۆیان نیە بەشداری بکەن .

## بۆ بەشداری نەكەین ؟!

پاش ئەوەی حەقیقەتی ( **ڤالنتاین** ) مان لە چەند بۆچونێكی جیاجیا خستە ڕو كاتی ئەوە هاتووە لە ڕێگەی لێكدانەوەی ئەو بۆچونانە بەڵگەی قەدەغەكردن و حیكمەت لە قەدەغەكردنی چەژنی ( **ڤالنتاین** ) بخەینە ڕوو لەوانەش :

١ / بنەمای جەژنی ( **ڤالنتاین** ) لە ڕۆمانیە بت پەرستەكانەوە سەرچاوەی گرتووە ، كە لە ڕێگەیەوە گوزارشت لە خۆشەویستی ئیلاهی بت پەرستی دەكەن ، بۆیە ئەوەی بەشداری بكات لە ( **ڤالنتاین** ) لە ڕاستی دا بەشداری دەكات لە جەژنێكدا كە بتەكانی تێدا بەرز ڕادەگیرێن ، و لە شوێنی خوای پەروەردگار دەپەرسترێن و خوای پەروەردگاریان فەرامۆش كردووە ـ خوای پەروەردگار پەنامان بدات ـ ئەمەش هاوەڵ بڕیاردانە بۆ پەروەردگار ، خوای پەروەردگاریش ئەفەرمووێت : ﴿ إِنَّهُ مَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴾ ( المائدة : ٧٢ ) ، واتە : بەڕاستی هەر كەس هاوبەش بۆ خوا دابنێت ئەوا بێگومان خوای پەروەردگار بەهەشتی لە سەر قەدەغە كردووە ، و جێ و شوێنی ئاگر دەبێت ، وە بۆ ئەو جۆرە ستەمكارانە هیچ پشتیوان و یارمەتیدەرێك نیە .

٢ / سـەرهەڵدانی ئـەم جەژنـە لای ڕۆمانیـەکان پەیوەسـتە بـە کۆمـەڵێك خورافـات و ئەفسـانەوە ، بۆیـە کەسـێك ژێـر بێـت ، و بـاوەڕی بـە خـوای پەروەردگار و ڕۆژی دوایی هـەبێت ، بـاوەڕ ناکـات گورگێـك شـیر بـە منـداڵێك بدات ، و هێزی پێ ببەخشـێت ، دواتـر ببێتـە دامەزرێنـەری دەوڵـەتی ڕۆمـا ، ئەمـەش پێچـەوانەی بـیرو بـاوەڕی موسـڵمانانە ، چـونکە پـەروەردگار هێـز دەبەخشێت نەك گورگ ! ! .

٣ / لەم جەژنەدا ڕۆمانیەکان قوربانیان بۆ خواکانیان دەکرد کە ( **بت** ) بوون ، بۆ ئەوەی کە خۆیان لە خراپە و مەڕو ماڵاتەکانیان لە گورگ بپارێزێت ، بۆیە بەشداری کردن زیندووکردنەوەی ئەو هاوەڵ بڕیاردانەیـە ، و هاوکاریـە بۆ سەرهەڵدانەوەی بت پەرستی کە تاوانێکە هەرگیز خوای پـەروەردگار لێـی خۆش نابێت ، وەك ئەفەرموویێت : ﴿ إِنَّ اللّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِـكَ لِمَـن يَشَـاء ﴾ ( النسـاء : ٤٨ ) ، واتـە : بەڕاسـتی خـوای پەروەردگار لـە کەسـێك خـۆش نابێـت کـە هـاوەڵی بـۆ بڕیـار بـدات ، و جگـە لەوەش لێخۆشبوونی هەیە بۆ هەر کەسێك کە ویستی لە سەر بێت .

٤ / لە دروشمە بۆگەنەکانی ڕۆمانـەکان لـەم ڕۆژەدا سـەربڕینی سـەگ و بزنێکە ، وەك لەو ئەفسانەی سەرەوە خستمانە ڕوو .

ئەمەش هەرگیز جێگەی باوەڕ نیە لای موسڵمانانی ژیر و خاوەن هزر .
ئاینی ئیسلامیش بەدوورە لەم ئەفسانەی کە لە ناوەڕۆك دا هەر هەمووی بانگە شەکردنە بۆ بت پەرستی .

٥ / پەیوەست بوونی ( **ڤالنتاین** ) بەم ڕۆژە ڕای جۆرا و جۆری لە سەرە ، بگرە هەندێك لە سەرچاوەکان ئەڵێن ( **ڤالنتاین** ) بوونی نەبوە و درووست کراوی خەیاڵە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەرچی کەسێکیش بەناوی ( **ڤالنتاین** ) بوونی هەبوبێت یان ئەفسانە و دروستکراوی خەیاڵ بێت، ئەوا هیچ لەحەرامێتی ئەم چەژنە ناگۆڕێت ، چونکە گەر بە ڕاستی ئەم چەژنە پەیوەست بێ بە ڕۆژی لە سێدارەدانی ( **ڤالنتاین** ) ەوە ، ئەوا چەژنێکە پەیوەستە بەخاچ پەرستانەوە کە هەموو ناوەڕۆکی ( **ئینجیل** ) یان گۆڕی و عیسای مەسیح ـ علیه السلام ـ بە خوا ئەزانن ( نعوذ بالله ) ، بۆیە بەشداری کردن تیایدا هەر قەدەغەیە ، وە ئەگەر ئەم جەژنە لای خاچ پەرستان و گاورانیش هیچ بنەوایەکی نەبێت ئەوا چەژنێکە لە هیچ ئاینێکدا بنەوای نیە ، و بەشداری کردن تیایدا خراپترە .

تەنانەت سەردەمانێك پیاوانی ئاینی خاچ پەرستان ئەم جەژنەیان بە قەدەغە زانیوە ، و بە لە ناوبەری ڕەوشتی لاوان ناوزەدیان کردووە و بە

خراپیان زانیوە ، گەر وابێت ئەوا موسڵمانان لە پێش ترن کە بەشداری نەکەن .

٦ / جەژن لە ئیسلامدا پەرستنێکە لە پەروەردگار نزیکمان دەکاتەوە ، لە ئیسلامیشدا تەنها دوو جەژن هەیە ( **جەژنی ڕەمەزان و قوربان** ) بۆیە نابێت هیچ کەسێك لە موسڵمانان جەژنێکی تر دابهێنێ لە کاتێکدا خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ بە جەژنیان نەزانیوە ، بۆیە بەشداری کردن لەم جۆرە جەژنانە بیدعەیە و پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرمویەتی : " **من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه ، فهو ردٌّ** " ، واتە : هەر کەسێك تازەگەری و بیدعەیەك لە ئاینەکەماندا دابهێنێت ئەوا بە ڕووی خاوەنەکەیدا دەدرێتەوە .

هەروەها خوای پەروەردگاریش ئەفەرموێت : ﴿ **وَلاَ تَكُونُواْ كَالَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَاخْتَلَفُواْ مِن بَعْدِ مَا جَاءهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُوْلَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ** ﴾ ( آل عمران : ١٠٥ ) ، واتە : بە وێنەی ئەوانە مەبن کە لە پاش ئەوەی ئەو بەڵگانەیان بۆ هات بەش بەش و جیاواز بوون ، چونکە ئەوانە سزایەکی گەورەیان بۆ هەیە .

ئەمەش ئاگادار کردنەوەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی لە ڕێڕەوی گاور و خاچ پەرستان لا بدەین کە کتێبە ئاسمانیەکانیان گۆڕیوە و چۆن لەگەڵ ئارەزوی خۆیان بگونجێ دایانڕشتۆتەوە هەروەك خوای پەروەردگار لەبارەیانەوە ئەفەرموێت :﴿ فَوَيْلٌ لِلَّذِينَ يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَذَا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ ﴾ (البقرة : ٧٩ ) . ئاشکرایشە یەکەمین ئەو کەسانەی کە دەستکاری ناوەڕۆکی کتێبە ئاسمانیەکانیان کرد گاور و خاچ پەرستان بوون لە پاش دەستکاری کردنیشیان بۆ کتێبە ئاسمانیەکان وتیان ئەمە لە لایەن خواوە هاتووە ئەمەش درۆ و بوختانێکی گەورەیە .

وە سەبارەت بە جەژنیش زانای پایە بەرزی ئیسلام ( ابن تيمية ) فەرمویەتی : (( جەژنەکان لەو تایبەت مەندیانەن کە ئاینەکەیانی لەیەکتر پێ جیادەکرێتەوە )) ، کەوابوو ئەم جەژنە ( ڤالنتاین ) گاور و خاچ پەرەستان لە موسڵمانان جیا ئەکاتەوە ، بۆیە قەدەغەیە لە سەر موسڵمانان بەشداری لەم جەژنە بکەن .

٧ / بەشداری کردن لە ( **ڤالنتاین** ) خۆ شوبهاندنە بە گاور و خاچ پەرەستان ، چونکە خۆ شوبهاندن بە کافران لەو شتانەی کە لە ئاینەکەیانە زۆر خراپترە لە خۆ شوبهاندن بە جل و بەرگ و هەڵس و کەوت و داب و

نەریتیان ، ( **ڤالنتاین** ) یش پەیوەستە بەئاینی گاور و خاج پەرەستان ئاینەکەشیان یان دروست کراوە یان گۆڕاو و تەحریف کراوە ، هەردووکیشیان هەر ناتەواون ، سەبارەت بە خۆ شوبهاندنیش خوای پەروەردگار ئەفەرموێ :

﴿ وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءهُم مِّن بَعْدِ مَا جَاءكَ مِنَ الْعِلْمِ إِنَّكَ إِذَاً لَّمِنَ الظَّالِمِينَ ﴾

( البقرة : ١٤٥ ) ، واتە : سوێند بێت بە خوای پەروەردگار ئەگەر تۆ دوای ئەو زانینەی ( سروش ) کە بۆت هاتووە شوێن ئارەزووەکانی ئەوان بکەویت بە ڕاستی ئەو کاتە تۆ لە ستەم کاران دەبیت .

زانای پایە بەرز ( **ابن تیمیة** ) سەبارەت بەڕاڤەی ئەم ئایەتە فەرمویەتی : (( ئەم ئایەتە ئاماژە بەوە دەدات کە پێچەوانە کردنەوەیان ( **واتە : گاور و خاچ پەرەستان** ) گشتی یە و لە هەموو شتێکدایە )) .

٨ / بەشداری کردن لە ( **ڤالنتاین** ) هۆکارە بۆ نزیك بونەوە و خۆشەویستی بێ باوەڕان کەخوای پەروەردەگار لە چەندین ئایەت ئاگەداری کردوینەتەوە کەوا خۆشەویستیمان بۆ گاور و خاچ پەرەستان نەبێ ، وەك دەفەرموێ : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاء

بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ﴾ ( المائدة : ٥١ ) .

واتە : ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ، جولەکە و خاچ پەرستان مەکەن بە پشتیوان ، و خۆشەویستی خۆتان ، ئەوانە هەندێکیان دۆستی یەکترن ، ئەوەتان ئەوان بکات بە دۆست ، ئەوە بەڕاستی ئەو کەسە لەوانە ، بێگومان خوای پەروەردگار ڕێنموویی گەلی ستەمکاران ناکات .

زانای پایە بەرزی ئیسلامیش ( **ابن تيمية** ) فەرمویەتی : (( بنەمای دۆستایەتی ( **الموالاة** ) بریتی یە لە خۆشەویستی ، هەروەك چۆن بنەوای دژایەتی ( **المعاداة** ) بریتی یە لە ڕق لێبوون ، چونکە دۆستایەتی ( **الموالاة** ) هۆکارێکە بۆ نزیك بونەوە لە یەکتر ، دژایەتی و ڕق لێبوونیش ( **المعاداة** ) هۆکارێکە بۆ لە یەك دوور کەوتنەوە )) بۆیە خوای پەروەردگار ئاگاداری کردوینەتەوە لەوەی هیچ موسڵمانێك نیە بێ باوەڕی خۆش بوێ و لەگەڵ ئەوەشدا خۆی بە موسڵمانی تەواو بزانێت . هەروەها فەرمویەتی : (( خۆ شوبهاندن دەبێتە هۆی خۆشەویستی و حەزلێکردن و پشتیوانی کردنیان و بە دۆست دانانیان لە ناخدا ، خۆشەویستی ناخیش دەبێتە هۆی خۆشوبهاندن لە ڕوکەشدا )) .

بۆیە ناکرێ کەسی موسڵمان خۆشەویستی پەروەردگار و خۆشەویستی بێ باوەڕان لە یەك دڵدا کۆبکاتەوە ، چونکە ئەوەی خوای خۆش بوێ ڕقی لە کافران و بێ باوەڕنە .

٩ / ئەو خۆشەویستی یەی لەم جەژنەدا بانگەشەی بۆ دەکەن دوورە لە پاکی ، چونکە بانگەشەیە بۆ بەستنی پەیوەندی خۆشەویستی ناشەرعی و حەرام ـ ئەگەرچی سەرانێکی نەزانکاریش بانگەشەی بۆ بکەن و بە پێویستی بزانن ! یان پێشەکی بۆ ئەو کتێبانە بنووسن کە بانگەشە بۆ خۆشەویستی ئەکات ! بۆیە ئەم جەژنە لە سەر بنەوایەکی ناشەرعی بنیات نراوە ، و هۆکاریشە بۆ داوێن پیسی و کەوتنە زیناوە ، چونکە مەبەست تیایدا تەنها تێرکردنی شەهوەتە ، ئەمەش لە بنچینەکانی باوەڕی موسڵمانی ڕاستەقینەوە زۆر زۆر دوورە .

١٠ / بەشداری کردن لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانەیە ، خوای پەروەردگار لە چەندەها ئایەت و پێغەمبەرەکەی ﷺ لە چەندین فەرموودە ئاگەداری کردووینەتەوە لەوەی کوێرانە لاسای گاور و خاچ پەرەستان نەکەینەوە هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : " مَنْ تَشَبَّهَ بِقَوْمٍ فَهُوَ مِنْهُمْ " ( رواه أبو داود ، وصححه العلامة الألباني في صحيح سنن أبي

داود ، برقم : ( ٤٠٢١ ) ، واتە : ئەو کەسـەی لاسـایی هـەر نەتـەوە و ئاینێك بکاتەوە ، ئەویش لەوان دەبێت ، هەروەها بەشـداری کـردن لـە ( **ڤالنتـاین** ) هۆکارێکـە بـۆ خـوگرتن بـەو داب و نەریتانـەی کـە تایبەتـە بـە گـاور و خـاچ پەرەستانەوە ، ئەمەش لە ئیسلامدا لە قەدەغەکراوەکانە .

١١ / **هەموو** گەل و نەتەوەیەك خاوەن ئاینێکی تایبەتە بە خۆی هـەموو ئاینێکیش خاوەن جەژنی تایبەتە بە خۆی وەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ بـە ( **أبو بکر** ) ی فـەرموو : " ئـەی ئـەبو بـەکر هـەموو گەلێك جەژنی تایبەتی خۆی هەیە ئەمیش جەژنی ئێمەیە ، ( واتە : ڕەمـەزان و قوربان ) ، وە هـەروەها خـوای پـەروەردگار ئەفـەرموێ : ﴿ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ﴾ (سورة المائدة : ٤٨ ) ، واتە : هەریـەکێك لـە ئێـوە شەریعەت و پـەیڕەوێکی تایبـەتمان پـێ بـە خشـیون ، بۆیـە ئەگـەر جـەژنێك تایبەت بوو بە گاور و خاج پەرەستان قەدەغەیە موسـڵمان بـە جـەژنی خـۆی بزانێت ، وەك چۆن جەژنەکانی ئێمەش بۆ ئەوان قەدەغەیـە ، چـونکە هـەموو جەژنێك : داب و نەریتی تایبەت بە خۆی هەیە.

١٢ / نابێت بەشداری لە ( **ڤالنتـاین** ) بکـەین ، چـونکە جەژنـەکان لـەو تایبـەت مەندیانـەن کـە ئاینـەکانی پـێ لەیـەك جیادەکرێتـەوە ، کـەوابوو

جەژنـەکان یـەکێکن لـەڕووەکانی جیاکردنـەوەی موسـڵمانان لـەگاور و خـاچ پەرەسـتان ، خـوای پـەروەردگاریش ئەفـەرمووێ : ﴿ إِنَّ الـدِّينَ عِنـدَ اللَّهِ الإِسْلاَمُ ﴾ ( آل عمران : ١٩ ) ، واتە : بەڕاستی دینی پەسەند کراو لـە لای خـوای پـەروەردگار دینـی ئیسـلامە ، ئـاینی ئیسـلامیش ( **ڤالنتـاین** ) ی قەدەغە کردووە ، واتە لە لایەن خوای پەروەردگارەوە قەدەغـەکراوە . بۆیـە بەشداری کردن لەم جەژنە واتە سەرپێچی کردنی پەروەردگار .

١٣ / ئەو کردار و گوفتارانەی لە جەژنەکانیان ئەنجام ئەدرێ ناشـەرعیە ، وەك : ( **ڤالنتاین** ) ت پیرۆز بێت **!!!** ، یان : بە ناوی خوای دایك **!!!!** ... **هتـد** ، بۆیـە بەشـداری کردنـی موسـڵمانان زیندووکردنـەوەی ئـەو هـاوەڵ بڕیاردانەیە کە گاور و خاچ پەرستان لەسەرین و بانگەشەی بۆ ئەکەن .

١٤ / تاوەکو ئێستایش نەزانراوە ـ ئـەم جەژنـە ـ لـە سـەر بنەمایـەکی ڕاستەقینە بنیات نراوە یان هەمووی ئەفسانەیە ، بۆ یە ئەگەر جەژنی ڕۆمانیە بت پەرەستەکان بێت بێگومان بۆمان نیە بەشداری بکەین چونکە بت پەرست بون ، وە ئەگەر جـەژنی خـاج پەرەسـتان بـێ هـەر نابێـت بەشداری بکـەن ، چونکە **هیچ** بنەوایەکی لە ئاینی نەصرانیەتدا نیە و ئەگەر ئێستاش ( **عیسای مەسیح** ) ـ علیه السلام ـ لەسەر زەوی بوایە و لەناویان بوایە هەرگیز بـواری

نەدەدا بە ئەنجامدانی ئەم تاوانەی کە دەیکەن و ڕازی نەدەبوو ئەم جەژنە داهێنراو و پڕ لە تاوانە بگێڕن. کەواتە خاچ پەرستان بێچەوانەی فەرمانی خودی ئەو پێغەمبەرەن کە بۆیان هاتووە و تاوانبارن لە ئەنجامدانی . ئیتر چۆن موسڵمان بەشداری لە جەژنێك ئەكات خودی پێغەمبەری ئاینەكەی خۆیان پێی ڕازی نیە !

١٥ / ئەگەر بە جەژنیشی نەزانین و بەشداری بکەین هەرتاوان بارین ، چونکە بەشداری لە داهێنراوێك ـ بیدعەیەك ـ ئەکەین کە تاوانە ، بۆیە لەم حاڵەتە دووجار تاوانبار ئەبین :

یەکەم : بەشداری لە جەژنێك ئەکەین کە لە خودی ئاینەکەی خۆیشیاندا ( گاور و خاچ پەرستان ) داهێنراوە .

دووەم : هەمان داهێنراو ( بیدعە ) لە ئیسلامدا قەدەغەیە .

١٦ / بەشداری کردنت ڕەنگە توشی کوفرت بکات ، چونکە بەشداری کردن بەمانای ئەوە دێ ـ نعوذ باللە ـ خوای گەورە ئاینەکەی بە کاملّی دانەبەزاندووە ، و پێغەمبەری خوایش ﷺ خیانەتی لە گەیاندنی ئاینەکە کردووە !!! چونکە خوای پەروەردگار لە ڕێگەی پێغەمبەرەکەیەوە ﷺ

هەموو شتێکی بۆ موسوڵمانان ڕون کردوەتەوە ، تەنانەت بەشداری کردن لە جەژنەکانیش ، بۆیە تۆ لەبەردەم دوو وەڵامدای باشەکەیان لەوی تر خراپترە:

**یەکەم :** دەزانی حەرامە و کەچی سەرپێچی پەروەردگارت ئەکەیت ، کە ئەمەش سزایەکی سەختی بە دواوەیە .

**دووەم :** واهەست ئەکەیت کە ئاینی ئیسلام کامل نیە و قەدەغەی ئەم جەژنانەی نەکردووە ، لە کاتێکدا خوای گەورە ئەفەرموێ : ﴿ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا ﴾ ( سورة المائدة : ٣ ) ، واتە : ئەمڕۆ ئاینەکەتانم بۆ تەواو ( **کاملٌ** ) کردوە و چاکە و بەهرەی خۆم بەتەواوی بەسەرتاندا ڕشتووە ، و ڕازی بووم کە ئیسلام ئاینتان بێت . ئەوەش بزانە ئیسلامی کردووەتە ئاینمان و ( **جەژنی رەمەزان و قوربان** ) یشی کردۆتە جەژن بۆمان ، کە هەمووی خۆشەویستی و گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی یە ، کەچی ئەمانەوێ بەشداری جەژنێکی تر بکەین کە تەنها فێری خۆشەویستی تاوان و شەهوەت و داوێن پیسیمان ئەکات !!!
بۆیە بەدڵنیایەوە کەسێك خاوەن هەست و نەست بێ و خۆی بە موسڵمانێکی ڕاستەقینە بزانێت لە دوای خستنە ڕوی ئەو هەموو بەڵگەیە ، لە قورئان و سوننەت بە خۆی ئەڵێ : بەڵێ تا ئێستا هەڵە بوم چیتر بە ئاسانی ناخەڵەتێم

بۆتـان . بەڕاسـتی کەسـێك پـەروەردگاری خـۆی خۆشـبوێ تـەنها ئایـەتێکی قورئانی بەسه ، بۆ ئەوەی بیکاتە بەڵگە و لە ( **ڤالنتاین** ) بەشداری نەکات ، بۆیه ئەگەر هەر ئەتەوێ بەشداری بکەی ئەم ئایەتـە بخوێنـەوە پاشـان بڕیـار بدە: ﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًا فَلَـن يُقْبَـلَ مِنْـهُ وَهُـوَ فِي الآخِـرَةِ مِـنَ الْخَاسِرِينَ ﴾ ( آل عمران : ٨٥ ) ، واتە : هەر کەسێك جگە لـەدینی ئیسـلام شوێنی دینێکی تر بکەوێت ، ئەوە لێـی وەرناگیرێـت ، و لـە ڕۆژی دواییـدا لـە زەرەرمەندان دەبێت .

## فەتوای گەورە زانا هاوچەرخەکان سەبارەت بە ( ڕۆژی خۆشەویستی )

زانای پایەبەرز ( محمد بن صالح العثيمين ) سەبارەت بە ڕۆژی ڤالنتاین ئەڵێ :

جەژن گێڕان لە ڕۆژی ڤالنتاین جائز نیە لەبەر دوو هۆ :

یەکەم / جەژنەکە بیدعەیەو هیچ بنەوایەکی لە شەریعەتی ئیسلامدا نیە .

دووەم / بانگەشە ئەکات بۆ پەیوەست بوون و سەرقاڵ بوونی دڵەکان بەم شێوە کردەوە پوچانەی کە پێچەوانەی پەیڕەوی هاوەڵانە ، بۆیە جائیز نیە هیچ لەدروشمەکانی ئەو ڕۆژە زیندوو بکرێتەوە چ لە خواردن و خواردنەوە و جل و بەرگ و دیاری بەخشین و .... هتد .

هەروەها لە فەتوای ( اللجنة الدائمة ) دا هاتوە کە : حەرامە موسڵمان یارمەتیدەر بێت لەم ڕۆژە و هەموو جەژنە قەدەغە کراوەکاندا بەهەرشتێك بێت لە خواردن بێت یان خواردنەوە یان فرۆشتن یان کڕین یان دروست کردن و دیاری و نامە گۆڕینەوە و ڕاگەیاندن و جگە لەوانەش چونکە هەموو ئەوانە هاوکارین لەسەر تاوان و سەرپێچی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ

. خوای پەروەردگاریش ئەفەرموێت :﴿ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴾ ( المائدة : ٢)

## ئاگەداربە

بەڕاستی شەرمەزاریە موسڵمان ڕقی لەخوا بێ و خۆشەویستی بۆ بێ باوەڕان بێت ، دڵنیام پێم ئەڵێن ئەمە بوختانێکی گەورەیە بۆ موسڵمانانی ئەکەیت ، منیش پێتان ئەڵێم : بەشداری کردنتان لە ( ڤالنتاین ) خۆشەویستی یە بۆ بێ باوەڕان و ڕق لێبونە لە پەروەردگار ، چونکە سەرپێچی ئەکەین لەو ئایەتەی کە خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاء بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ﴾(سورة المائدة: ٥١).

واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان بە خوا و پێغەمبەر ﷺ هێناوە نەکەن گاور و خاچ پەرەستان بە دۆستی خۆتان بزانن کە لە ڕاستی دا ئەوان دوژمنی ئێوەن وە لە نێوان خۆیشیاندا دۆستی یەکترن ، و هەریەکێك لە ئێوە ئەوان بە دۆست دابنێ ئەوا ئەویش لەوانە .

ماناکەیشی ڕوونە پێویستی بە لێکدانەوە نیە بەڵام با پرسیارێك بکەین : ئەگەر دوژمنێك دەعوەتت بکات بۆ ئاهەنگێك یان سەفرەیەك توخوا ئامادەی بچیت ؟ سوێند بەخوا ناچیت ، چونکە زۆر بە ئاسانی ئەڵێت : چۆن بچم من ڕقم لێ یە و دوژمنمە گەر ئەمە حاڵی نێوان دوو موسڵمان بێت !! ئەی چۆن بەشداری لە جەژنێك ئەکەی کە خاوەن و دامەزرێنەری و ئاهەنگ گێڕانی ڕقیان لە خواو پێغەمبەرەکەمانە ﷺ

ئەگەر ئەمە خۆشەویستی نەبێ بۆ گاور و خاچ پەرەستان بۆچی سەرپێچی پەروەردگارت ئەکەیت لە کاتێکدا پێمان ئەفەرموێ : ﴿ وَالَّذِينَ لَا يَشْهَدُونَ الزُّورَ ﴾ ( سورة الفرقان : ٧٢ ) ، ( ڕەبیعەی کوری ئەنەس ) فەرمویەتی : مەبەست لەم ئایەتە جەژنی گاور و خاچ پەرەستانە. باشە لەم بەڵگە بەهێزتر چیترت ئەوێ ؟!!! بۆیە ئاگاداربە .

با پرسیارێکی تر بکەین ، ئەگەر یەکێك جگەرە کێش بێ و بڵێ خوایە لە شیرپەنجە بمپارێزە چی پێ ئەڵێی ؟ پێی ئەڵێی ساویلکە و گێل و گەمژە و ... هتد !!!! بگرە قسەی خراپتریشی پێ ئەڵێیت ، بەڵام با ئەوەشمان لەبیر نەچێ ئەو موسڵمانەی بەشداری لەم چەژنە بکات لەو جگەرە کێشە ساوێلکەترە کە بەدڵنیایی یەوە توشی شیرپەنجە ئەبێ ، چونکە موسڵمانان

ڕۆژانە لە سەر نوێژ (١٧) جار ئەڵێن : ﴿ اهـدِنَا الصِّرَاطَ الْمُستَقِيمَ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ غَيرِ المَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ ﴾ (الفاتحة: ٦ـ ٧).

واتە : ئەی پەروەردگار ڕێگای ڕاستمان نیشان بدە و ڕێنموییمان بکە بۆ ڕێگەی ئەوانەی کە نیعمەتی خۆتت بە سەریاندا ڕشتووە ـ کە بریتین لە پێغەمبەران و پیاوچاکان و شەهیدان ـ وە نەشمان کەی بەوانەی کە لێیان تورەی واتە : ( **گاوران** ) . وە نەشمانکەی بەوانەی کە ڕێگای ڕاستیان وون کردوە واتە : ( **خاچ پەرەستان** ) .

باشە چۆن داوای ڕێگای ڕاست دەکەیت و داوا ئەکەی کە پەروەردگار نەتکات بە گاور و خاچ پەرست کەچی بەشداری لە جەژنەکانیان ئەکەیت و بەقسەیان ئەکەیت ؟ ئایە بەشداری کار چ جیاوازیەکی لە گەڵ ئەو جگەرە کێشە هەیە کە داوای خۆ پاراستن ئەکات لە شیر پەنجە ؟! ! خۆ موسڵمانیش لەلایەکەوە داوا ئەکات پەروەردگار بیپارێزێت و بە گاور و خاچ پەرست نەیژمێرێ ، کەچی لەلایەکی ترەوە شوێن شەهوەتەکانی ئەوان ئەکەوی ! ! !

سەرەڕای ئەم هەموو قسەیەش ڕەنگە یەکێك بڵێ : هێندە قورسی مەکەرەوە لەسەرمان ، ئێمە وەکو خۆشییەکی کاتی بەشداری ئەکەین ، بەڵام

ئـەم كەسـە بـیری چـووە بەشـداری كـردن بەشـێكە لـە خـۆ شـوبهاندن ، موسـولْمانانیش بـێ ئاگـان لـەو فەرمودەیـەی كـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمویەتی : " مَنْ تَشَبَّهَ بِقَـوْمٍ فَهُـوَ مِـنْهُمْ " ( رواه أبـو داود ، وصـححه العلامة الألباني في صـحيح سنن أبي داود ، بـرقم : ٤٠٢١ ) ، واتـە : ئـەو كەسەی لاسایی هەر نەتەوە و ئاینێك بكاتەوە ، ئەویش لەوان دەبێت . زانای پایە بەرز ( ابن تيمية ) سەبارەت بە واتاكردنی ئەم فەرموودەیە فەرمویەتی : (( بەشداربوون و خۆ شوبهاندن بەوان لە هەندێك لە جەژنەكانیان ئەبێتە هۆی دلْخۆش بوونیان بەو ناڕەواییەی كە لە سەرین ) .

باشە بەشداری كردن لە ( **ڤالنتاین** ) لاسایی كردنەوە نیە ؟ زانای پایـە بەرز ( ابن تيمية ) سـەبارەت بـەو فەرموودەیـە دیسـانەوە فەرموویـەتی : (( ئەمە ئەوە دەگەیەنێت كە خۆ شوبهاندن پێیان بەگشتی حەرامە ) .

دوریش نیە كەسانێكیش هەبن بلّێن : هێنـدە كۆنـە پەرسـت مەبـە تـەنها ڕۆژێكە هـەموو جیهـان خـۆش حالّـە بـە هـاتنی !!! بەڕاسـتی ئەمـە قسـەی كەسـێكی سـاوێلكەیە ، چـونكە داواكاریەكـەی مـن ئەوەیـە لـە ئامـادە بـونی جەژنێكی كۆنە پـەرستی ڕزگارتان بكەم چونكە خودی جەژنەكە هێنـدە كۆنـە

چەندین ئەفسانەی لەسەر نوسراوە . ئایا من کۆنە پەرستم یان ئەوانەی بەشداری ئەکەن لە جەژنێك دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن کە نزیکەی ( ١٧ ) سەدە پێش ئێستا باو بووە ؟!!!

پاشان دوور لە هەموو شتیٚ سوێندت ئەدەم بە پەروەردگار ڕۆژێك خاچ پەرستێك یان گاورێکت بینیوە خۆشحاڵی دەربڕیٚ سەبارت بە هاتنی جەژنی ( ڕەمەزان و قوربان ) کە جەژنی موسڵمانانە ؟ نەخێر .

باشە بۆ ئێمە بەشداری لە جەژنەکانی ئەوان بکەین ؟ ئەم ساوێلکەیی یە تاکو کەی ؟

کێشەکە زۆر لەوە ترسناك ترە کە ئێمە بە سادەیی بۆی ئەڕوانین !! ئاگادار بن موسڵمانان داب و نەریتی بیٚ باوەڕان داگیری کردوین ، لە جیاتی پێشکەوتن و تەکنەلۆجیا جەژنێکمان پێشکەش ئەکەن سەرقاڵمان بکات و لەناومان ببات . دڵنیابن جەژنەکانیان زۆر لە ئایدز و شیر پەنجە سەخت تر و ترسناك ترە ، چونکە ئایدز دروست بووی ئاهەنگەکانیانە .

ماوەتەوە بڵێم : خوای پەروەردگار بە چەندین ئایەت ئاگاداری کردووینەتەوە لە مەترسی گاور و خاچ پەرەستان منیش هەندێکیانم بۆتان خستە ڕوو ، ئۆباڵی خۆتان بەئەستۆی خۆتان چونکە خوای گەورە

ئەفەرموێت : ﴿ وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءهُم مِّن بَعْدِ مَا جَاءكَ مِنَ الْعِلْمِ إِنَّكَ إِذاً لَّمِنَ الظَّالِمِينَ ﴾ ( البقرة : ١٤٥ ) ، واتە : سوێند بێت بە خوای پەروەردگار ئەگەر تۆ دوای ئارەزووەکانی ئەوان بکەویت دوای ئەو زانینەی کە بە( سروش ) بۆت هاتووە بە ڕاستی ئەو کاتە تۆ لە ستەمکاران دەبیت .

زانای پایە بەرز ( **ابن تيمية** ) سەبارەت بەڕاڤەی ئەم ئایەتە فەرمویەتی : (( ئەم ئایەتە ئاماژە بەوە دەدات کە پێچەوانە کردنەوەی ( **گاور و خاچ پەرستان** ) گشتی یە و لە هەموشتێکدایە)) .

منیش ئەڵێم : بۆ خۆشییەکی کاتی بە هەشت لە دەست خۆتان دەرمەکەن و بۆ تەنها ڕۆژێکی خۆشەویستی دۆزەخ بۆ خۆتان دەستەبەر مەکەن . بۆیە ئەمەتان پێ ئەڵێم چونکە دڵنیام لەوەی کە گاور و خاچ پەرستان حەز ناکەن هیچ چاکە و خێرێك تووشی موسڵمانان بێت ، وەك خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ مَّا يَوَدُّ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَلاَ الْمُشْرِكِينَ أَن يُنَزَّلَ عَلَيْكُم مِّنْ خَيْرٍ مِّن رَّبِّكُمْ ﴾ ( سورة البقرة : ١٠٥ ) ، واتە : بێ باوەڕانی خاوەن پەرتووکە ئاسمانیەکان و ئەوانەی هاوبەش

پەیداكەرن بۆ پـەروەردگار حـەز ناكـەن هـیچ شـتێكی باشـتان لـە خـواوە بـۆ بنێردرێتە خوارەوە .

بۆیە بەخیلیان دێت كـە ئێمـە موسـڵمانین ، هـەر ئـەوەش وا ئـەكات بـە هەموو شێوەیەك لە هەوڵ و كۆشش دا بن بۆ ئـەوەی لـەڕێگای ڕاسـت لا مـان بـدەن . تـا گەیشـتە ئـەوەی ئاهەنگـەكانیان وەك بـۆمبێكی تـەوقیت كـراو ڕەوانەی وڵاتی موسڵمانان ئەكەن ئەوجا ڕێگامان بۆ خۆش ئەكەن بچینە سەر بیروباوەڕەكـەیان چـونكە تـەنها بـەوە ڕازی نـین كـە تـەنها لـە جەژنـەكانیان بەشداری بكەین وەك پەروەردگار ئەفـەرمووێ : ﴿ وَلَن تَرْضَى عَنكَ الْيَهُـودُ وَلاَ النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ ﴾

( سورة البقرة : ١٢٠ ) ، واتە : هـەرگیز گـاور و خـاچ پەرسـتان لێتـان ڕازی نابن تاوەكو شوێنی ئاین و ڕێبازیان نەكەون .

پاشان چـی ؟ ئـەوجا ڤایرۆسـی بـێ بـاوەڕی لـە جەسـتەی لاوەكانمـان ئەنێـژن و دڵـەكانیان ڕەش ئەكـەن ، بـەم شـێوەیەش بـەبێ تەقانـدنی یـەك فیشەك وڵاتەكەمان دەخەنە ژێر ڕێكفی خۆیانـەوە ، چـونكە ئـەوان هـەنگاوی سـەرەكیان فڕیـودانی لاوەكانمانـە كـە قـەڵای پـاڕێزەری ئیسـلامن ، كـە

لاوەکانیشمان لە دەست دەرچوون ئەوانیش بە ئارەزوی خۆیان دێن و وڵاتەکەمان داگیر ئەکەن ، بگرە ئەو کاتە خۆمان دەرگایان بۆ ئەکەینەوە .
باشە بۆچی ئەیانەوێ داگیرمان بکەن ؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش لای خوای پەروەردگارە کە ئەفەرمووێ : ﴿ وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّن بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّاراً حَسَدًا مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم ﴾ ( سورة البقرة : ١٠٩ ) ، واتە : حەزو ئاواتی زۆرێك لە گاور و خاچ پەرستان ئەوەیە کە پاشگەزتان بکەنەوە لە ئاینەکەتان و بێ باوەڕتان بکەن دوای ئەوەی کە بڕواتان هێناوە ، ئەمە نهێنی ئەو داگیرکردنەیە بۆیە ئاگاداربە بەناوی خۆشەویستی یەوە داگیرت نەکەن ، چونکە داگیر کەر نەخۆشەویستی ئەزانێ و نە ڕەحمیشی لە دڵایە ... تکایە ... تکایە ... تکایە ... ئاگاداربە .

## کێ بەرپرسارە لەم سەرلێشێوانە ؟!!

کێ بەرپرسیارە لەم نەهامەتی و سەرلێشێوانە ؟!! پرسیارێکە و حەق وایە لەخۆمانی بپرسین ، دڵنیام وڵامەکەی دڵی زۆرێکمان ئەڕەنجێنێ بەڵام لەبەر ئەوەی وەڵامێکی دروست و حەقە باکم نیە لە لۆمەی لۆمەکاران ، وڵامەکەیشی زۆر بەسادەیی **هەموومان** بەر پرسیارین لەم تاوانە گەورەیە ، **هەموومان** هاوکاری دەکەین لەم تاوانە ناشرینە ، **هەموومان** بەرپرسیارین : مامۆستایان و فێرخوازان و کاسبکاران و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و بەڕێوەبەری مزگەوتەکان و باوکان و دایکان و .... هتد ، **هەرهەموومان** تاوانبارین ، چونکە لە ( ١٤ / ٢ ) ی **هەموو** ساڵێك ئەرکی مامۆستا ئەوەیە لە پۆلدا خوێندکاران ئاگەدار بکاتەوە لە مەترسی بەشداری کردن لە ( **ڤالنتاین** ) و حەقیقەتی ئەم جەژنی گاور و خاچ پەرەستانە بۆ فێرخوازان ڕون بکاتەوە ، ئەرکی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنە لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ بەرنامەی تایبەت سەبارەت بە لایەنە خراپەکانی جەژنی ( **ڤالنتاین** ) پێشکەش بکەن و خەڵکی ئاگادار بکەنەوە و هانیان بدەن بۆ دورکەوتنەوە لەم **جۆرە** ئاهەنگانە ، ئەرکی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانە ئەرکی خاوەن قەڵەمەکانە بەنوسین خەڵکی لە خەونی قوڵ بێدار بکەنەوە و بە مەترسیەکانی جەژنی ( **ڤالنتاین** ) ئاشنایان بکەن ، ئەرکی مامۆستایانی ئاینیە لە مزگەوتەکان موحازەرات

سەبارەت بە ڕۆژی ( **ڤالنتاین** ) بلێینەوە و ڕاستی ( **ڤالنتاین** ) بە خەڵکی ڕابگەیەنن و ڕونی کەنەوە کە ( **ڤالنتاین** ) دژی یەکتا پەرستی و بیرو باوەڕی ڕاستەقینەیە ، دژی ئاینی ئیسلامە ، ئەرکی دایکان و باوکانە منالەکانیان هۆشیار بکەنەوە و هانیان بدەن کە بەشداری نەکەن لە ئاهەنگی ( ڤالنتاین ) ئەرکی هاوڕێکانە یەکتر بە ئاگا بێننەوە ... هتد .

هەموومان بەرپرسیارین خوێندەوار و نەخوێندەوار و گەورە و بچوك و هەژار و دەوڵەمەند نێر و مێ هەمووی بەرپرسیارە هەر ئەمەش وامان لێدەکات کۆمەڵێك ئەرك بکەوێتە سەرمان هیچ نەبێت وەك هەوڵدانێك بۆ ڕاست کردنەوەی ئەو هەڵەیەی ، چەندین ساڵە کوێرانە ئەنجاممان داوە و باکمان نەبووە ئەنجامەکەی چی دەبێ ، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە بۆ سڕینەوەی تاوانەکانی پێشومان کۆمەڵێك ئەرك هەیە پێویستە شان بدەینە ژێری و بەدڵەوە جێبەجێی بکەین ، بۆیە ئەڵێم : وەك چۆن موسڵمان ڕۆژانە کۆمەڵێك ئەرکی لەسەرە لە خوێندن و کارو کاسبی و دەرچون لە ماڵ و پەرستن و ... هتد ، بەهەمان شێوەش کۆمەڵێك ئەرکی تری لە سەرە لە ڕۆژی ( ١٤ / ٢ )ی هەموو ساڵێك کە ئەتوانین بە ڕۆژی تاوان و سەرپێچی کردن ناوزەدی بکەین ، چونکە تاوان کردن لەم ڕۆژەدا دەگاتە لوتکە ، بە ڕۆژ ئاهەنگ گێڕان و شەویش نامەی عەشق گۆڕینەوە ، کاتێك لە

لاوەکانیشمان بپرسین ئەم سەرلێشێوانە بەهۆی چی ؟!! لە وەلامدا ئەڵێن : ئەمڕۆ ڕۆژی خۆشەویستی یە و لێگەڕێ با تۆزێك هەستی خۆشەویستی دەربڕین . بۆیە لەپاش خستنەڕوی حەقیقەتی ڤالنتاین کاتی ئەوە هاتوە لەم ڕۆژە ئەرکەکانمان بزانین کە بریتین لە :

١ / بەشداری نەکردن لە ئاهەنگەکانی ئەم ڕۆژە ، چونکە پێشەوا ( **الحافظ الذهبي** ) فەرمویەتی : ئەگەر خاچ پەرەستان و گاوران جەژنی تایبەت بە خۆیان هەبوو ، ئەوا نابێ موسڵمان بەشداری تێدابکات هەروەك چۆن لەڕوگە ( **قیبلە** ) و شەریعەتەکانیان بەشداری ناکات

٢ / بەشداری نەکردن لە بڵاوکردنەوەی چاپ کراو و ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە ( **ڤالنتاین**) ەوە هەیە و بە باشی باسی ئەکات چونکە زۆر دورە لەڕاستی و دەچێتە ڕیزی ، فەرمان بەخراپە و نەهی کردن لە چاکە .

٣ / ئەگەر لە ڕێگەی تەلیفۆن یان بە نامە یان بە قسەکردن پیرۆزبایان لێکردی ئەوا زۆر بەلێهاتووانە لە وەلامدا بڵێ ئەم کارە تاوانە و جەژنی ئێمە نیە ئاگەداربە پیرۆزبایی کردن بیدعە و ناشەرعی و تاوانە .

٤ / بازرگانی نەکردن بەو شت و مەکانەی کە پەیوەستە بەم ڕۆژەوە وەك گوڵی سور و دڵی سوور و میزەلان و جل و بەرگی سور و کارتی ڕەنگا و

ڕەنگی نامە . چونکە پارەکەی حەرامە و کردنەوەی دەرگای تاوانە ، ئەو پارەیەش خوا بیدات کەمیش بێت باشترە . نەك ئەو پارەیەی لەڕێگەی حەرامد پەیدای بکەی با زۆریش بێت .

٥ / ڕون کردنەوەی چەمکی ڕاستەقینەی ئەم جەژنە بۆ خەڵکی و ئاگەدار کردنەوەیان لەو تاوانەی توشیان دەبێ ئەگەر بەشداری بکەن ، لەگەڵ ڕونکردنەوەی ئەوەی کە پێویست دەکات موسڵمان بە دور بێ لەم جۆرە جەژن و ئاهەنگانە .

٦ / بڵاوکردنەوەی ئەو نامیلکە و کتێبانەی حەقیقەتی جەژنەکە دەخەنە ڕوو وە لایەنی بۆگەنی تاوانەکان بە خەڵك دەناسێنن .

٧ / ڕون کردنەوەی حەقیقەتی ( الولاء ، والبراء ) کە بەشداریکردن لە ( **ڤالنتاین** ) دەبێتە هۆی نەمانی .

٨ / ڕون کردنەوەی چەمکی یەکتاپەرستی کە بە بەشداریکردن لە ( **ڤالنتاین** ) دەڕوشێت ، ئەگەر لەناو نەچێت ، کە ( توحید )یش لە دەست چوو بەهەشتیشمان لە دەست ئەچێ .

٩ / ئاگەدار کردنەوەی خەڵکی لەوەی کە خۆشوبهاندن بە گاور و خاچ پەرەستان کارێکی ناشەرعی یە و تاوانێکی گەورەیە .

١٠ / وازهێنان لە لەبەرکردنی جلی سور و بەکارنەهێنانی گوڵی سور لەو ڕۆژەدا ئەمەش وەك سەرپێچیەك بۆ گاور و خاچ پەرستان و وەك سەرپێچیەك بۆ دروشمەکانی ڕۆژی ڤالنتاین .

## خۆشەویستی ڕاستەقینە

خۆشەویستیەکی سەیرە سالّی جارێك گوڵێك یان نامەیەکی بۆندار دەگۆڕنەوە ، لەم خۆشەویستیە سەیر تر لاوانی موسڵمانی ئەم وڵاتەیە کە کوێرانە لاسای دەکەنەوە و ڕۆژی ( **ڤالنتاین** ) بە جەژن دەزانن و بەو پەڕی ساویلکەیی قەناعەتیان بەوە کردووە کە ڕۆژی خوشەویستی یە ، قەت لەخۆمان پرسیوە ئەمە چ خۆشەویستیەکە لە کەسانێکەوە پێمان گەیشتووە کە خۆشەویستیان پەیوەست کردووە بەو بتانەی ناویان لێناوە ( **خوا** ) بەمەش ئیخلاصیان لە دڵەکانمان کوشت ، کە مەرجی سەرەکی قبوڵ بوونی کردەوەکانمانە لای پەروەردگار ، بەڕاستی ئەمە خۆشەویستی نیە بەڵکو لە بنەڕەتدا سەرلێشێوان و لە ڕێگای ڕاست دەرچونە ، و تەنها شوێن کەوتنێکی

کوێرانەیـــە ، و هێنانـــە دی خـــەونی ئـــەو کەســـانەیە کـــە لـــە گـــەڵ خـــوای پەروەردگاردا کەسی تر ئەپەرەستن ، وەك خوای گەورە ئەفەرموێ : ﴿ وَمِنَ النَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ اللَّهِ أَندَاداً يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ ﴾ ( البقرة : ١٦٥ ) .

، واتـــە : خـــەڵکانێکی وا هـــەن کـــە جگـــە لـــە خـــوا خۆشەویســـتانێك بـــۆ خۆیـــان دادەنەن و خۆشەویستیان پـێش خۆشەویستی خـوای پـەوەردگار ئەخـەن و ئەیانکـــەن بـــەهاوەڵی خـــوای پـــەروەردگار . بێگومـــان ئەمـــەش هـــاوەڵ بڕیاردانێکی ڕون و ئاشکرایە .

سـەیرم دێ کـە موسـڵمانی ژیـر و خـاوەن هـزر لـە ڕۆژی ( **ڤالنتـاین**) جەژن دەگێرێ و خۆشحاڵی دەرئەبڕێ لە کاتێکدا نە خوا و نە پێغەمبەر ﷺ فەرمانیان نەکردووە بە جەژن گێران لـەم ڕۆژەدا ، قـەت لـە خۆتـان پرسـیوە کێ فەرزی کردووە لەسەرمان ؟ کام خۆشەویستی ؟ ئەو خۆشەویستی یەی تیایـدا شـەرەفی خـەڵك دەڕۆیشـت و دەسـت درێـژی ئەکرێتـە سـەر ناموسـی خوشك و کچەکانمان ؟ کام جـەژن ، ئـەو جەژنـەی بووەتـە هـۆی لـە دەسـت چونی لاوەکانمان و کوشتنی خۆشەویستی خوا لە دڵەکانیان ؟ .

ئەی ئەو کەسەی بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ڕۆژی ( **ڤالنتـاین** ) ئەکـەیت بۆچی بە پەرۆش نیت بۆ هاتنی مانگی (**ذي الحجة** ) کـەمانگی سـەفەرکردنە

بۆ حەج ؟ بۆ چاوەڕوانی ڕۆژی ( **عرفة**) ناکەیت کە ڕۆژوو گرتن تیایدا ئەبێتە هۆی لێخۆشبونی تاوانی دوو ساڵت ؟ بۆ ناتەوێ لە خۆشەویستی ڕاستەقینە تێ بگەی ؟

ئەی ئەو کەسانەی بە پەرۆشن بۆ ڕۆژی خۆشەویستی ئەتانەوێ لە ( **ڤالنتاین** ) ەوە فێری خۆشەویستی بن ؟ ئەتانەوێ لە چیرۆکی سەرگوزەشتەی ( **ڤالنتاین** )ەوە فێری خۆشەویستی بن کە لەپێناو بانگەشەکردن بۆ خاچ پەرستی کوژراوە؟ ئەی بۆچی لە چیرۆکی پێغەمبەر ( **إبراهیم** ) ەوە فێری خۆشەویستی نابن کە ئامادەبوو لە پێناو ڕەزامەندی پەروەردگاری کوڕەکەی بکاتە قوربانی ؟! ئەمەیە چیرۆکی خۆشەیستی ڕاستەقینە ، لەپێناو خۆشەویستی و ڕەزامەندی پەروەردگاری دەستی لە باوکایەتی هەڵگرت ، بۆ پەند لەم چیرۆکە وەرناگرن ؟ ئەی ئەو کەسانەی شانازی بە ڕۆژی عاشقانەوە ئەکەن خۆشەویستی ڕاستەقینە لە ئیسلامدایە کە هیچ جیاوازییەك ناکات لەنێوان ( هەژار و دەوڵەمەند ئافرەت و پیاو ڕەش و سپی گەورە و بچوك لەش ساغ و نەخۆش پیرو لاو ) تەنها بە لە خواترسان ( **التقوی**) نەبێت ، باشە قەت لە خۆتان پرسیوە ئایا ئێمە جەژنمان نیە وا لاسایی خاچ پەرەستان ئەکەینەوە ؟!! موسڵمانی یەك خوا پەرست ئەو خۆشەویستی یەی لە ئیسلامدا هەیە لە هیچ ئاینێکی تردا نیە و بەدی ناکرێ

، ئەویش خۆشەویستی خوای پەروەردگارە کە هۆکارە بۆ خۆش بەختی و بەدەست هێنانی بەهەشت ، بەپێچەوانەوە ئەو خۆشەویستیەی پشتیوانانی ( **ڤالنتاین** ) بانگەشەی بۆ ئەکەن زیاتر و زیاتر لە ئاگری دۆزەخ نزیکمان دەکاتەوە .

خۆشەویستی پەروەردگار دوور کەوتنەوەیە لە ستەم لێکردن و ئیسراف و خیانەت و فەسادی ئەخلاقی ، لە کاتێکدا خۆشەویستی ( **ڤالنتاین** ) دوور کەوتنەوەیە لە تەوبە و چاکەکاری و پاکی و ئارام گرتن و لەخوا ترسان.

خۆشەویستی ڕاستەقینە لە شوێن کەوتنی پێغەمبەردایە ﷺ ، وەك خوای پەروەردگار ئەفەرموێت : ﴿ **قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ** ﴾ ( آل عمران : ٣١ ) ، واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەوانەی کە لافی خۆشەویستی خوا لێدەدەن بڵێ : ئەگەر ئێوە بەڕاستی خوای پەروەردگارتان خۆش دەوێ شوێنی من بکەون لەپاداشت دا خوای پەروەردگار خۆشتانی ئەوێ و لە تاوانەکانتان خۆش دەبێ .

( **لا إلـه إلا الله** ) چـەن خۆشەویسـتیەکی گەورەیـە خـوای پـەروەردگار خۆشتی بویٚ ، بەلاٚم چۆن ؟ تەنها بە شوێن کەوتنی پێغەمبەرەکەی ﷺ کە فەرمانمان پێدەکات بەوەی کە دووربین لە جەژنی گـاور و خـاچ پەرەسـتان ، لێرەدا پێتان ئەلٚێم ئەگەر ئەتانـەویٚ خـوای پـەروەردگار لێتـان تـورەبیٚ ئـەوا بکەونە شوێن ( **ڤالنتاین** ) و بەدەستی خۆتان خۆتان توشی سـزای سـەخت بکەن ، لە پێناو چیش ؟!! لە پێناو جەژنێکی بیٚ بنەوا و لـەپێناو کەسـێکی خـاچ پەرسـتی ئـارەزوو پەرسـت!! سـەیرم دیٚ لـەو کەسـانەی لـە ڕۆژی ( **ڤالنتاین** ) بـە دوای خۆشەویسـتی ڕاسـتەقینە دەگـەڕێن لـە کاتێکـدا ئـاینی ئیسـلام کانگـای خۆشەویسـتیە ، و قورئـان گـەورەترین سەرچـاوەی خۆشەویستی یە ، زۆر بە داخەوە خاوەن ئەم سەرچاوە بـە نرخـەین کەچـی کۆمـەلٚێك بـیٚ بـاوەڕ و خـاچ پەرەسـت ئەیانـەویٚ لاوانـی موسـلٚمان فێـری خۆشەویستی بکەن !!! لە ڕاستی دا نایانەویٚ فێری خۆشەویستیمان بکـەن بەلٚکو گالٚتە بە عەقلٚمان ئەکەن و ئەو سەرچاوە گەورەیەی خۆشەویسـتی کـە (قورئان) ە ئێمـە هەمانـە و ئـەوان نییانـە ئەیانـەویٚ لـە نـاوی بـدەن ، بـرا و خوشکی موسلٚمان بەشداریکردن لـە ( **ڤالنتاین** ) تـەنها مردنـی دلٚـەکانمانی تیایە و هیچی تر ، دەزانی مردنی دلٚ مانای چیە ؟ مانای ئەوەیـە ناسـنامەی خۆمـان لـە دەسـت ئـەدەین کـە موسـلٚمانین ، چـونکە دەکەوینـە شـوێن

ئارەزوەکانی شەیتان و گاور و خاچ پەرستان ، و ئەکەوینە دوای کڵاوی با بردوو ، بۆیە ئەمەتان پێ ئەڵێم زۆر ئەترسم بچینە ڕیزی ئەو کەسانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە بارەیانەوە فەرمویەتی : " **إنما أخشى عليكم شهوات الغي في بطونكم وفروجكم ومضلات الهوى** " ( **رواه أحمد و الطبراني و البزار ، وصححه العلامة الألباني في صحيح الترغيب والترهيب ، برقم : ٢١٤٣** ) ، واتە : تەنها لەوە دەترسم لە سەرتان کە تووشی ئارەزووەکان بن کە بە هۆیانەوە گومڕا دەبن ، بەهۆی ئارەزووەکانی سکتان یان ئارەزووەکانی داوێنەوە ، لە گەڵ گومڕاییەکانی ئارەزوو .

( **ڤالنتاین** ) جەژنی ئەو کەسانەیە خوای پەروەردگار لێیان توڕەیە ، کەواتە تا لە دونیا ماون و زیندون پەشیمان ببنەوە و بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگارتان ، چونکە لە قیامەتدا ( **ڤالنتاین** ) هیچی لە دەست نایەت بۆتانی بکات ، وە ئەگەر شەفاعەتیش بۆ خۆشەویستان بکات وەك خۆیان ئەڵێن ئەوا تەنها ئەبێتە پێشەوا و پێشڕەویان لەگەڵ خۆیدا بەرەو دۆزەخ ئەیانبات ، ئەو کات تەنها قسەی ئەو کەسانە دوبارە ئەکەیتەوە کە پەروەردگار لە بارەیانەوە ئەفەرموێت : ﴿ **يَا وَيْلَتَى لَيْتَنِي لَمْ أَتَّخِذْ فُلَانًا خَلِيلًا**

لَقَدْ أَضَلَّنِي عَنِ الـذِّكْرِ بَعْـدَ إِذْ جَاءنِي ﴾ ( الفرقـان : ٢٨ ) ، واتـه : وەی بەحالّم خۆزگە فلانە کەسم نەکردایە بە هاوەڵی خۆم چونکە لەئاین دوری خستمەوە دوای ئەوەی کە پێم گەیشت .

ئایا پاش ئەم هەموو لێکدانەوەیە هەر ئامادەی شوێن هەوا و ئارەزوی پوچەڵی خاچ پەرەستان بکەوی ؟ ! !

ئەمەیە حەقیقەتی ئەو ڕۆژەی ناویان لێناوە ( **ڕۆژی خۆشەویستی** !!! ) کوڕانمان فێر ئەکەن کە گوڵی سور و نامەی ڕنگاوڕەنگ پێشکەش بە کچان بکەن و لەگەڵیان عەشق ئاڵ و گۆڕ بکەن ! ! ! باشە ئەی کوڕان کە ( **ڤالنتاین** ) فێری ئەمەی کردن ئایە ڕازی ئەبن کوڕی تریش وا لە گەڵ خوشکەکانتان بکات و نامەی عەشقی بۆ بنێرێ ؟ ئەگەر ڕازی بن ئەمە نزم ترین پلەی ڕەوشتە و هیچ کات خوا پێی خۆش نیە ، ئەگەر ڕازیش نەبن بە هەمان شێوەیە هیچ جیاوازیەکی نیە بگرە خراپتریشە چونکە ئەو کارەی بۆ خەڵکی حەرام ئەکەیت بۆ خۆتی حەڵاڵ ئەکەیت ، بیریشت نەچێت خەڵکیش بۆ خوشك و کچەکانیان پێیان خۆش نیە تۆ وایان لەگەڵ بکەیت .

ئەمە ئەو خۆشەویستیەیە کە ( **ڤالنتاین** ) فێرمان دەکات ، لەوەتەی دوای ئەم جۆرە خۆشەویستیە کەوتوین خیانەت زۆر بووە و ڕاستگۆیی کەم

بۆتەوە لەنێو موسڵمانان ، چونکە خۆشەویستی ڕاستەقینە ڕو لە نەمان و فەوتانە ، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە بە گاور و خاچ پەرەستان بڵێین : جەژنی خۆتان بۆخۆتان ، چونکە جەژنی موسڵمانان هەموی خۆشەویستی یە ، وە کاتی ئەوە هاتووە خۆشەویستی ڕاستەقینە لە خۆشەویستی دەست کردی مرۆڤ جیا بکەینەوە ، بۆیە نامانەوێ خۆشەویستی بکرێتە جەژن بۆمان ، چونکە ژیانی موسڵمانان هەمووی خۆشەویستی یە و پێویستی بەوە نیە لە ساڵێکدا یەك ڕۆژ تەرخان بکات بۆ خۆشەویستی ، چ خۆشەویستییەکیش ؟ خۆشەویستیەکی ناشەرعی ! ! !

بەڕاستی موسڵمان پێویستی بە ڕۆژێکی دیاری کراو نیە بۆ خۆشەویستی ، هەموو ڕۆژێکی موسڵمان جەژنی خۆشەویستی یە ، خۆشەویستی پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ ئایا ئەمە جەژن نیە ؟! خۆشەویستی دایك و باوك ، خۆشەویستی خوشك و برا ، خۆشەویستی ئاین ئایا ئەمانە هەمووی جەژن نین ؟ خۆشەویستی ژن و مێرد ... هتد ، هەموو ئەمانە جەژنی موسڵمانانە ، بۆیە خۆشەویستی هێندە بێ نرخ نیە کە ئەوەندە بچوك بکرێتەوە لە ڕۆژێکدا گوزارشتی لێ بکرێت ، ئەوەش بە دڵەوە حەقیقەتی ( **ڤالنتاین** ) ی خوێندبێتەوە بۆی دەر ئەکەوێ کە( **ڕۆژی ڤالنتاین**) ڕۆژی دروست کردنی ڕقە نەك خۆشەویستی ، ڕۆژی تاوانە ، جەژنی ئابڕو چون و

لەکەدار کردنی شـەرەفە ، جـەژنی لـە ئـاگری دۆزەخ نزیـك بونەوەیـە ، بۆیـە ئەمانەتان ئەخەمە پێش چاو نەوەك دوژمنانی خوا بەناوی خۆشەویستی یەوە بتانکەنە مەقاشێك بۆ ئەوەی دەستی خۆیـان نەسـوتێ ، ئـەم جەژنـەش وەك ڕون و ئاشـکرایە زینـدو کردنـەوەی یـادی کەسـێکە خیانـەتی لـە ( ئـاینی نەصرانیەت ) کردوە و دواساتەکانی ژیانی بەخۆشەویستی بەسەر بردووە ، چ خۆشەویستیەکیش ؟ خۆشەویستیەکی ناشەرعی ئەمە لەلایەکەوە ، لەلایەکی تریشەوە ئەم جەژنە زیندو کردنەوەی داب و نەریتی ڕۆمانیە بت پەرستەکانە بەڵام لە پۆشاکێکی نوێی خاچ پەرستیدا .

بەشداریکردنی موسڵمانان لەم جەژنە هۆکارە بۆ هاتنەدی ئەو خەونەی دوژمنانی خوا ، کە چەندین ساڵە خەونی پێوە دەبینن ئایا هاوکاری دەکەیت لە هاتنەدی خەونی دوژمنانی خوا و مرۆڤایەتی ؟

چـۆن ئـەوان شـانازی بـە جەژنـەکانی خۆیانـەوە دەکـەن و گاڵتـە بـە جەژنـەکانی ئێمـە دەکـەن ، وەرن بـا ئێمـەیش پێکـەوە شـانازی بـە ئـاین و جەژنەکانی خۆمانـەوە بکـەین ، بەڕاسـتی شـورەییە بـۆ موسـڵمانان ئەگـەر ( ڕۆژی ڤالنتاین ) بەجەژن بزانن چونکە لەڕاسـتی دا ( ڤالنتـاین ) تـەنها بریتـی یە لە خۆشەویستیەکی دروست کراوی مرۆڤ ، چ مرۆڤێکیش ؟ مرۆڤێکی خـاچ

پەرست کە دواتر ئەکرێتە خوای خۆشەویستی ئایا موسڵمانان لە ( ١٤ / ٢ ) ئامادەن ئەم خوایە بپەرستن و لە جەژنەکەیدا بەشداری بکەن ؟ یان ئەڵێن تا ئێستا بێ ئاگابوین و فریودرا و بوین ، بۆیە چیتر نابینە یاری دەستی ئێوەی خاچ پەرست ، جەژنی خۆتان بۆ خۆتان و جەژنی خۆمانیش بۆ خۆمان .

موسڵمانی بەڕێز ، وشەی خۆشەویستی زۆر لەوە گەورەترە لەڕۆژێکی وەکو ڕۆژی ( **ڤالنتاین** ) گوزارشتی لێبکەین ، وەرن با فێربین خوا و پێغەمبەرەکەیمان ﷺ خۆش بوێ ، وەرن با یەکترمان خۆش بوێ و درۆ لەگەڵ یەك نەکەین و خیانەت لەیەك نەکەین ، وەرن با دەست درێژی نەکەینە سەر شەرەف و ناموسی یەکتر ، ئەمەیە خۆشەویستی ڕاستەقینەیە ، بۆیە تەنها ئەڵێم ( **ڤالنتاین** ) جەژنێکی کۆنی ڕۆمانیە بت پەرستەکانە لە پۆشاکێکی نوێی خاچ پەرستیدا ، کە **هیچیان** لەوی تر باشتر نیە ، ئیتر ئەتەوێ لای کێ بەدوای خۆشەویستیدا بگەڕێیت ، لای بت پەرستان کە جۆرە خوایەك دەپەرەستن دروست کراوی دەستی خۆیانە ، یان لای خاچ پەرستان کە ( **عیسای** ) کوڕی ( **مەریەم** ) بەخوا ئەزانن ؟ **(نعوذ باللە )** هەروەك خوای پەروەردگار لەبارەیانەوە ئەفەرموێت ﴿ لَّقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ ﴾ ( المائدة :١٧ ) ئەوەشت لەیاد نەچێت ئەمانەی کە

ئەیانـەوێت موسـڵمانان فێـری خۆشەویسـتی بکـەن پێغەمبـەری خـوا ﷺ لەبارەیانەوە فەرموویـەتی : " والذي نفسي بيده لا يسمع بي رجل من هذه الأمة ولا يهودي ولا نصراني ثم لم يـؤمن بي إلا كـان مـن أهـل النـار " ( صـححه العلامـة الألبـاني في الصـحيحة ، بـرقم : ١٥٧ ) ، واتـه : سـوێند بەوەی کە گیانی منی بەدەستە هیچ کەسێك نابێت لەم ئوممەتە یان لـە گـاور و خاچ پەرستان کە هەواڵی هاتنی منی پێبگات و باوەڕ نـەهێنێ بـەوەی کـە خوای پەروەردگار بۆی ناردوم بەدڵنیاییەوە تاهەتایە لەدۆزەخدایە.

ئەمانە ئەو کەسانەن کە خۆشەویستی فێری ئێمە دەکەن ، نەك باوەڕیان بـە پێغەمبەرەکـەمان نیـە ﷺ بـەڵکو گاڵتەشـی پێدەکـەن ئـیتر چ خۆشەویستیەك فێری ئێمە ئەکەن ؟!!! دڵنیابە هیچ جۆرە خۆشەویستیەك لەخەڵکی دۆزەخـەوە فێـر نـابین ، چـونکە یـەکێك بـاش بێـت هـەرگیز دۆزەخ نابێتە دوا ماڵ و جێگای ، کەسانێکیش خـەڵکی دۆزەخ بـن چاوەڕوانی شـتی باشیان لێناکرێت ، بۆیە ئاگەداربە گاور و خاچ پەرستان بێ باوەڕن و خەڵکی دۆزەخن و بەو جۆرە خۆشەویستیە ئەیانەوێ بۆ لای خۆیان ڕامـان بکێشـن و دواتـر لەگـەڵ خۆیـان بـەرەو دۆزەخ بمانبـەن ، چـونکە پێیـان خـۆش نیـە موسڵمانان بەهەشتی بن و خۆیان دۆزەخی بن ، جا ئەگەر ئەتـەوێ لەجـەژنی

خەڵكی دۆزەخ بەشداری بكەیت ئەوا خۆت بەرپرسیاری لەوەی بەسەرت دێت ! چونە پێت خۆش بێت و پێت ناخۆش بێت ( **فالنتاین** ) جەژنی خەڵكی دۆزەخە !

## ووتەی کۆتایی

هەروەك باسمان کرد ( **ڤالنتاین** ) جەژنی موسڵمانان نیە و بەشداری کردنیش لەم ڕۆژەدا حەرامە و کاریکی ناشەرعیە و تاوانێکی زۆر گەورەیە بە بەڵگەی ئەو هەموو ئایەت و فەرموودەیەی کە لەسەرەوە خستمانە ڕوو ، بەم شێوەیەش ئەم جەژنە و جەژنەکانی تری گاور و خاچ پەرستان دەبنە کۆسپێکی گەورە لە بەردەم خۆشەویستی ڕاستەقینە ، بۆیە من نامەوێ موسڵمانان لە خۆشەویستی ڕاستەقینە بێ بەش بن ، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە ئاگەداریان بکەمەوە لەم خۆشەویستی یە دروست کراوەی دەستی کافران ، ئەمەوێ لە ڕێگەی قورئان و فەرموودەوە فێری خۆشەویستیتان بکەم ، وەك ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ تیایدا فەرموویەتی : **" والذي نفسي بيده لا تدخلوا الجنة حتى تؤمنوا ولا تؤمنوا حتى تحابوا أفلا أدلكم على أمر إذا فعلتموه تحاببتم أفشوا السلام بينكم "** (صححه العلامة الألباني في صحيح سنن أبي داود ، برقم : ٥١٩٣ ) .

واتە : سوێند بەوەی نەفسی منی بە دەستە بەهەشت بەدەست ناهێنن تا باوەڕ نەهێنن ، وە باوەڕ ناهێنن تاوەکو یەکتان خۆش نەوێت ، ئایە

ڕێنمویتان نەکەم بۆ کردەوەیەك ئەگەر ئێوە ئەنجامی بدەن دەبێتە هۆی خۆشەویستی لەنێوانتاندا ؟! لە نێو خۆتاندا سلاو لەیەکتر بکەن .

ئەمەیە خۆشەویستی ڕاستەقینەیە ، بەلام بەداخەوە خۆشەویستی کراوە بە هۆکارێك بۆ جێبەجێ کردنی پلانی بت پەرەستی و تێر کردنی شەهەوەت ، تا ئەو ڕادەیەی بێ باوەڕان خۆشەویستیان پەیوەست کردووە بە چەند ئەفسانەیەکەوە کە مرۆڤی ژیر هەرگیز باوەڕی پێ ناهێنێ ، زۆر بە داخەوە پیاوانی کۆنی کەنیسەی خاچ پەرەستان بەر هەڵستی ئەم جەژنە بوون و پێیان وابوو ڕەوشتی لاوەکان خراپ ئەکا ، کەچی موسڵمانانی ئەمڕۆ بە جەژنی ئەزانن و ئاهەنگ ئەگێڕن و بەشداری ئەکەن !!!

بۆیە لە کۆتایدا ئەڵێم : ئەی ئەو کەسانەی خۆشحاڵن بە هاتنی ڤالنتاین ... ئەی ئەو کەسانەی نامەی عەشق و خۆشەویستی لەم ڕۆژەدا ئەگۆڕنەوە ... ئەی ئەو کەسانەی بە گوڵی سور پێشوازی لە هاوڕێکانتان ئەکەن ... ئەی ئەو کەسانەی لە ڕۆژی ڤالنتاین ئاهەنگ ئەگێڕن و جلی سور لەبەر ئەکەن و گوڵی سور بەدەستەوە ئەگرن و لەیەختەتانی ئەدەن و بۆ هاوڕێکانتانی ئەبەن ؟!!

ئاگەدار بن ئەم کارە دیوێکی تەواوی خاچ پەرەستی ئـەنوێنیٚ دیوەکـەی تریشی بت پەرستی ، ئەمە ڕازی بونە بەو ناشەرعییەی کە ئەوان لەسـەرین ، ئەوانەش کە خستمانە ڕوو بەڵگە بوون لەسەر ئەوەی ئەم ڕۆژە ( **ڤالنتاین** ) ڕۆژی گوزارشت کردنە لە خۆشەویستی ( **بت پەرستی** ) و کۆنە پەرستی .

ئـەی موسـڵمانی یـەك خـوا پەرسـت ئێسـتا زانیـت کـە ڕۆژی ( **ڤالنتـاین** ) جەژنی موسڵمانان نیـە و بۆمـانیش نیـە بـە جـەژنی بـزانین بۆیـە لەسەر ڕێچکە و ڕێبازی موسڵمانی خۆت بمێنەوە و خۆت پەیوەست بکـە بـەو دوو جەژنەی کە هەمانە ( **ڕەمەزان و قوربان** ) .

ئەم کارەش لـە بنەڕەتـەکانی پەرسـتنەکانتە ، بۆیـە تـەنها ئـەڵێم ئـاخۆ کەسێك هەیە هەر بە جەژنی بزانیٚ و بەشداری تێدا بکات ؟ **! ! !**

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ .